# ...و لەدەڤەری بادینان سوتێنرا







ڕێگە ڕۆکەن. نەسڕن ئاوی ماندوێتی ڕێ
چونکە پەروانە کانی ڕۆح شەمعانەن و. لە دەوری پەروانە
دەگرێ
عیشق گڕی بە بەفردا. ئاگری بە بەفر تەزاند
عیشق بە [یا نارُ کُونِي بَرْدَاً وَسَلاماً عَلَى اِبراهِيم]
سنووری دونیای بەزاند
عیشق بووە نووری ڕێگە و. بایەقوشانی ڕێی تۆراند..
کۆڵ نەدەن تا لە حزوری حەبیبێکا
ڕۆحتان خێوەتێ هەڵدات و بگاتە جێ
یەک یەک بەرەو هەتاو و مانگ بکەونە ڕێ
ملی یەک یەک تولە ڕێکان
بەرن بەرەو کۆتایی ڕێ
وەحدەتی دڵ بەرەو بەیداخ و پەرچەم دێ
بگەنە جێ. ئێوەن شوانی ئاوایی دێ
شەو کەنە ڕێ
ڕەحمەتی ئەم خۆرەتاوە. بەم شەوە دێ
وەحدەتی دڵ
بەرەو بەیداخ و پەرچەم دێ
قەڵەم گۆنای [وأعِدُّوا] ماچ ئەکات و
بەرەو بەدرێکی سێهەم دێ
بگەنە جێ ئەوی بازە و لوتکەی دەوێ
بکەونە ڕێ ئەوی هەنگاوی خۆشئەوێ
چۆڵ کەن ئاوەدانی ستەم
ئاوەدان کەن ئەو دڵانەی
کە خوا و یارانی خۆشئەوێ
ئاوەدان کەن ئەو مەدینەی
کە (طلع البدر) دەڵێ..

# دووبارە بوونەوەی مێژوو لە کلتوری هەڵکوتانەسەر و سوتان ، لە دوایی ڕاپەڕینەوە

**شوان جەلال**

ئەگەر زۆر دوور نەگەڕێینەوە بۆ مێژوو ئەو ڕووداوانە بگێڕینەوە کە نەوەی ئێستاش لەیادیان مابێت ، لە (١٨) ساڵی ڕابردوودا لەسنوری دەسەڵات داری پارتی سەرەتای کاری بە پاوانکردنی حیزبە بچوکەکان دەست پێکرد کە وەک بڵێت چاوی بە هەبوونی فرە حیزبی هەڵنەدەهات، هەر زوو چەندین حیزبی وەک (پارتی گەل و پاسۆک و سۆسیالیست )ی لە یەکبوون هەڵوەشاندەوە لەژێر باڵی خۆی هێشتیەوە، کاتێک بەشێک لەحیزبی (سۆسیالست) ناڕازیبوون بچنە ژێر باڵە زەردەکە هەر لەوێوە پارتی فێری هەڵکوتانە سەر بارەگا بوو بەم شێوەی خوارەوە :

- لەساڵی (١٩٩٣) لە هەولێر بارەگای حیزبی (سۆسیالست) جیابووەوە تاڵان کراو و سوتاندرا.
- لەساڵی (١٩٩٣) لە هەولێر بارەگای (جەبهەی تورکمانی )ی تاڵان کراو و سوتاندرا .
- لە ناوەڕاستی ساڵی (١٩٩٥) بارەگای رابیتەی ئیسلامی کورد و نۆرینگەی خێرخوازی سەر بەو ڕێکخراوە خێرخوازییە و سەرجەم کەل و پەل و پێداویستی و داو و دەرمانی نێو ڕێکخراوەکە و نۆرینگەکەیان بەتاڵان برد .
- لەساڵی (١٩٩٦) تێکڕای بارەگاکانی (پارتی پارێزگارانی کوردستان) و سەرو ماڵی ( حوسین ئاغای سورچی) لە کەلەکین و هەولێر پەلاماردران و تاڵان کراو و سوتاندرا .
- لەساڵی (١٩٩٧) چەند بارەگایەکی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لەپارێزگای هەولێر پەلاماردران و تاڵان کراو و سوتاندرا .
- لەساڵی (٢٠٠٥) تێکڕای بارەگاکانی (یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان) لەپارێزگای دهۆک و شەقلاوە و سۆران کە (١٢) بارەگا بەتەواوی پەلاماردران و تاڵان و سوتاندرا .
- لە (١٧/ شوباتی/٢٠١١) تێکڕای بارەگاکانی (بزوتنەوەی گۆڕان) لەپارێزگای دهۆک و هەولێر پەلاماردران و تاڵان و سوتاندرا .
- لە (٢٠١١/١٢/٣) جارێکی تر دەستی سووتان بارەگاکانی (مەڵبەند و لق و نوسینگەی سپێدە و تەلەفزیۆنی یەکگرتوو و ڕادیۆ و نوسینگەی کوردیو ) و چەندینی تری (یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان) لە ناو دهۆک و زاخۆ و سێمێل و قەسرۆک بەتەواوی پەلاماردران و تاڵان کراو و سوتاندرا .

هەرلەمبارەیەوە چەند نووسەر و ڕۆژنامەنوسێک ڕای خۆیان دەربڕیوە:

- لە ناوەڕاستی ساڵی (١٩٩٥) و لەدەمی گەرمەی شەڕی براکوژی کە هەزاران رۆڵەی ئەم نیشتمانە بوونە قوربانی دەستی سەرانی هەردوو پارتی دەسەڵاتدار، لەپارێزگای دهۆک، هەوادارانی حیزبی سەربەدەسەڵات هێرشیان کردە سەر بارەگای رابیتەی ئیسلامی کورد و نۆرینگەی خێرخوازی سەر بەو ڕێکخراوە خێرخوازییە و سەرجەم کەل و پەل و پێداویستی و داو و دەرمانی نێو ڕێکخراوەکە و نۆرینگەکەیان بەتاڵان برد، دواتر شاندێکی مەکتەبی سیاسی پارتی بەفەرمی داوا لێبووردنیان لە دکتۆر (عەلی قەرەداغی) سەرۆکی رابیتەی ئیسلامی و مامۆستا (سەلاحەدین) ئەمینداری گشتی یەکگرتوو کرد و بەڵێنیان دا کردەوەی لەو شێوەیە دووبارە نەبێتەوە .
- ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠٠٥: لەدەمی هەڵبژاردنەکانی عێراق یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، لەجەرگەی دهۆک ڕووبەڕووی گەورەترین پەلامار و دەستدرێژی بوویەوە، ئەگەرچی لەوکاتەدا یەکگرتوو لەحکومەت بەشداربوو بە وەزیرێک و تەنانەت خاوەن مۆڵەت بوو، هەروەها هەموو مەرجێکی یاسایی تێدابوو تاوەکو شان بەشانی پارت و لایەنەکانی تر درێژە بەکارو خەباتی خۆی بدات و ئازادانە ئامانجەکانی بهێنێتەدی .. بەڵام دەنگۆی هێنانی ڕێژەیەکی زۆری دەنگەکانی هەڵبژاردن بۆ یەکگرتوو کاربەدەستانی دەڤەرەکەی بێزار وجاڕس کردو ناچاربوون بەپاڵپشتی ڕێکخراوەکانی حیزبیان هێرش ببەنە سەر مەڵبەندی سێی یەکگرتوو.
- کە بەڕای چاودێرانی سیاسیی ئەوجۆرە نەرم و نیانیەی یەکگرتوو لە (٥-١٢- ٢٠٠٥) بووە هۆکاری دووبارەبوونەوەی هێرش و پەلاماری تر لەبەرواری (٣-١٢-٢٠١١)، کەئەمجارەیان دەسەڵاتدارانی دەڤەرەکە جگە لەداوای لێبوردنی زۆر، بۆیە کگرتوو هیچ جۆرە موبەرریرێکی تریان نیە تابیخەنە ڕوو ..
- لەپاڵ ئەو دیاردە ترسناکەدا، لە (٢٠٠٥) بەدواوە، پارتی دیموکراتی کوردستان و دەزگا ئەمنیەکانی ئەو حیزبە شێوازێکی نوێیان لەبواری تەسفیەی حیسابی سیاسیدا لەگەڵ نەیارانی خۆیان داهێناوە کە ئەویش سوتاندنی بارەگای حیزبی سیاسی نەیاری خۆیانە. سەرەتا لە (٢٠٠٥)دا لەگەڵ یەکگرتوی ئیسلامیی و پاشان لەگەڵ گۆڕان و لەچەند ڕۆژی ڕابردوشدا دووبارە پەنایان بردەوە سەر هەمان شێواز لە دژی یەکگرتوو.
- ساڵی پاریش لەبەرامبەر ڕوداوەکانی (١٧) شوبات لە شاری سلێمانی، مەکۆی بزوتنەوەی گۆڕان و نوسینگەی کۆمپانیای وشە لە هەولێر سوتێنران.
- ئەوەتا وتەبێژی مەکتەبی سیاسی پارتی (جەعفەر ئیمەیکی) خۆی ڕایگەیاند کە هەڵکوتانە سەر و سوتاندنی بارەگاکانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان پارتی بووە، بەڵام ئەمجارەیان ئەوان لێی بێبەرین ، دەبێت پاش چەند ساڵی تر بارەگای حیزبێکی تر بسوتێنن ئەوسا بڵێن سوتانی (٢٠١١/١٢/٣) پارتی بوو بەڵام ئەوەیان نازانم .



# قورئان بۆ ؟

**سازان محەمەد**

هەڵکوتانە سەر بارەگایەک کە شوێنی ئامۆژگاری وخولی پەروەردە وپێگەیاندنی ڕۆڵەکانی ئەم میللەتەیە، فێرگای قورئانی پیرۆزو فەرموودەی سەروەرە، جێگای فێرکردنی خۆشەویستی و بەدەم یەکەوەبونە،سەنتەری پەخشی بەختەوەری و هیواو ئامانجی دادپەروەری یە، بەڵێ ئەم شوێنە سوتێنراو وێران کرا، سەرەڕای ئەوانەش وا ئەم جارەش قورئانی پیرۆز ڕێزی لێنەگیراو کەوتە سەر زەوی و سوتێنرا، ڕادیۆی دەنگی قورئانی پیرۆز سوتێنرا کە ڕۆژانە هەزاران کەس گوێبیستی وتە شیرینەکانی خوای گەورە دەبوون لێیەوە، ئەمەش لە کوردستانی بەناو ئازاد و دیموکراسی، بەرنامەی ژیانی مرۆڤایەتی کە ڕەوانکراوە لەلایەن پەروەردگار بوو بە ژێلەمۆ و هیچ حسابێکی بۆ نەکرا، کە لە ڕاستیدا قورئان جێگای شوێنی بەرزو پیرۆزە، بەڵام بەداخەوە ئەوەی بینیمان لە تێکدانی شوێنێک کە هیوای چاک سازی وئیسلاح و پێگەیاندنی تاکی بەمتمانە و پێکەوەنانی کۆمەڵگایەکی ئارامی ڕەوشت بەرز. لەڕاستی دا بەم ڕووداوە دڵتەنگی لەناخەوە هەڵدەقوڵێ و جێگای داخ و حەیفە . بەرپرسیاریەتی دونیا و قیامەتی دەکەوێتە ئەستۆ، دۆخی میللەتی کورد لەم هەڵوێستەدا بۆ دواوە گەڕایەوە و زەمەنێک دواکەوت، لێک نزیک بونەوە و قبوڵ کردنی یەکتری وخوێندنەوەی بەرامبەر پێشێل کراو بەمەدەنی بوو ن و بە شارستانی بوون کەوتە دوای دواکەوتنەوە، بۆ ئەم جارەش لە گۆڕستانی دیموکراسی دا ئازادی لە گۆڕنرا ....